# چل ڕێسای عەشق
# چیرۆکی شەمسی تەبریزی و جەلالەددینی ڕۆمی

**ئەلیف شافاک**
**د.عوسمان یاسین**

**(١ - ٢)**

ئەلیف شـافـاک (شـفق) Elif Safak نووســەری بە ڕەچەڵەک تورک لە شاری (ستراسبورگ) ی فەڕەنسی لە ســـاڵی ١٩٧١ لە دایک بووە، باوکی ناوی (نووری بیلگین) و دایکی ناوی (شـافـاک ئـتـیــمـان)ـە، ئەم نووسـەرە بڕوانامـەی مـاسـتـەری لە بواری مـەسـەلەی ئافرەتان بە دەست هێناوە، هەروەها بڕوانامـەی دکتۆرای لە بواری ڕامـیـاری و بزووتنەوە سـۆفـیـگـەرییـەکـانی بەکتاشی و مەولەوی بەدەست هێناوە. بە هەردوو زمانی تورکی و ئینگلیزی دەنووسێت، تا ئێستا چەندان ڕۆمانی نووسیوە، چەندان خەڵاتی ئەدەبی و هونەری جیهانی پێ بەخـشـراوە، لە ڕۆمـانەکـانـیـدا سـوودی لە کـولـتـوور و چیرۆکی ئافرەتان و کـەمـە نەتەوەییـەکـان و کـۆچـبـەران وەرگرتووە. گرنگی بە مێژوو و فەلسەفە و سۆفیگەری دەدات، هەروەها گـرنگی بە کـولـتـووری زارەکی دەدات. سـاڵی ٢٠٠٩ ڕۆمـانـی (عـەشق)ی بەزمـانـی تورکی بڵاوکردەوەو ساڵی ٢٠١٠ هەمان ڕۆمانی بە ناوونیشانی (چل ڕێسـای عـەشق- Forty Rules of Love) بە زمـانی ئینگلیـزی بڵاوکـردەوە. لە ساڵی ٢٠١٢ ئەلیف شـافـاک ڕۆمـانـی (نامـووس-شـرف - HONOUR)ی بەزمـانـی ئینگلیـزی بڵاوکـردەوە. لەم ڕۆمـانەدا نووسـەر باس لەو پەراوێزخراوانەی نەتەوەی کـورد دەکـات کـە لە تورکیا دەژین، مەرگەساتەکانیان دەخاتە ڕوو. (بۆ خستنە ڕووی زیاتری بۆچوونەکانی ئەم نووسەرە لە ڕۆمانەکانیدا بڕوانە: د.عـوسـمـان یاسین، ڕۆمانـنووس ئەلیف شافاک: ئەو نووسـەرەی بە مـەیلی سـۆفـیـگـەرییانەی خۆی ئافرەتە بێ دەنگەکان بە قسە دەهێنێ و خەڵکە پەراوێزخراوەکان دەدوێنێ، ڕۆژنامـەی هەولێـر، ژمـارە ١٩٩٤ ڕۆژی پێنج شەممە، ٢ تشرین یەکەم، ٢٠١٤، لاپەڕەکانی ١٦-١٧)

ڕۆمـانـی چل ڕێـسـای عـەشق، کـە نـاوونیـشـانـە لاوەکییـەکەی بریتییە لە(چیرۆکی جەلالەددین ڕۆمی)، ئەلیف شـافـاک لە سـاڵی ٢٠١٠ بەزمـانی ئینگلیـزی نووسیویەتی، لە لایەن خالد الجبیلی وەرگێڕراوەتە سەر زمـانی عـەرەبی، لە ساڵی ٢٠١٢ لە دەزگای تەوا چاپی یەکەمی بڵاوکراوەتەوە. بەزمانی فارسی دوو وەرگێڕانی بەناوونیـشـانی (چهل قانونی عشق) بۆ کـراوە، یەکـیـان لەلایەن مــەرزیە ئەحــەدی، کـە پـێـدەچێت لە زمـانـی



**ئەلیف شافاک**

تورکییەوە وەریگێڕابێت، ئەوی دیکەیان لەلایەن مهرنوش عدالت وەرگێڕراوە.

هەوڵ دەدەین لەم باسکردنەدا خوێندنەوەیەکی کوردییانەی ئەم ڕۆمانە بکەین، کە تێیدا زیاتر پێداگیری لە سەر وەرگێڕانی سی ڕێسا لە کۆی چل ڕێساکان دەکەین، (بەو هیوایەی لە دەرفەتێکی دیکەدا باسی دە ڕێساکەی دیکەش بکەین)، یان بەلایەنی کەم ئەو ڕووداوانەی، یان ئەو سیاقانەی کە ئەو ڕێسایانەی تێدا باس کراوە بە کورتکراوەیی بکەینە کوردی، ئەم جۆرە خوێندنەوەیە باسکردنە، زیاتر لە وەرگێڕانێکی کورتکراوەی دەچێت، وەرگێڕانێک کە کرۆکی ڕۆمانەکە بەخۆوە دەگرێ، نەوەک شیکردنەوەو قسەکردن لە سەر ناوەرۆک و شێوازی ڕۆمانەکە، واتە خوێندنەوەیەکی سەربەخۆیانەمان ئەنجام نەداوە، کە تێیدا دەقئاوێزانی و شەنوکەوکردنی تێمەی ڕۆمانەکە ئەنجام دەدرێن، هەوڵی هاتنە کایەوەی خیتابی تایبەتی خوێنەر، یان ڕەخنەگر دەدرێت. ئەم جۆرە باسکردنە لە میانەی وەرگێڕانێکی کورتکراوە هەرگیز ئەڵتەرناتیڤی وەرگێڕانی سەرجەم ڕۆمانەکە نییە، کە بەو هیوایەین ئەنجام بدرێت.زیاتر لەم باسکردنەدا پشت بە وەرگێڕانە عەرەبییەکەی بەستراوەو هەندێ جاریش وەرگێڕانە فارسییەکەی مەرزیە ئەحەدی و دەقە ئینگلیزییەکە سوودیان لێ وەرگیراوە، کە لە شوێنی خۆیدا ئاماژەیان بۆ کراوە.

سەرەتای ڕۆمانەکە بەو قسەیەی شەمسی تەبریزی دەست پێ دەکات (کاتێک منداڵ بووم، خواوەندم بینی، فریشتەم بینی، نهێنی هەردوو جیهانی سەروخواروومم بینی، وام زانی کە هەموو پیاوەکان ئەوەیان بینیوە، بەڵام هەر زوو دەرکم بەوە کرد، کە ئەوانەیان نەبینیوە).

ئەم ڕۆمانە باس لە دوو کات دەکات، کاتێکی کۆن کە سەردەمی شەمسی تەبریزی و ڕۆمییە، کاتێکی نوێ، کە سەردەمی ژیانی ئیلایە لەگەڵ عەزیز(أ.ز.زاهارا) نووسەری دەستنووسی ڕۆمانی (کفرێکی شیرین). لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین ئەم ڕۆمانە دوو ڕۆمانە لە ناو یەک ڕۆماندا کە سەردەمی کۆن و نوێ و خۆرهەڵات و خۆرئاوای بەیەکەوە بەستووەتەوە.

سەرەتای ڕۆمانەکە نووسەر لەگەڵ خوێنەردا دەدوێت و وێنەیەک دەهێنێتە بەرچاو، کاتێک بەردێک دەخەیتە ناو ئاوی ڕووبارێک، ئاوێکی ڕۆیشتوو (FLOWING WATER) شەپۆلێکی بچووکی بازنەیی دروست دەبێت و بڵاودەبێتەوە، بەڵام ئاوی ڕووبارەکە شەپۆلە بچووکەکان لەباوەش دەگرێت و قووتیان دەدات، بەڵام ئەگەر بەردێ بخەیە ناو ئاوی گۆمێک-ئاوێکی وەستاو - بازنەی شەپۆلەکان لە شوێنی بەردەکە بڵاودەبنەوە و فراوان دەبن، تا دەگەنە کەناری گۆمە ئاوەکە. بەم جۆرە بەرد خستنە ناو ئاوی ڕووبارێک کارێکی ئاساییە، جووڵەیەک ڕوودەدات، وەک هەر جووڵەیەکی دیکەی ناو ئاژاوەی ڕووبارەکە، بەڵام ئەگەر بەردەکە کەوتە ناو ئاوێکی وەستاو، ئەوە ئاوەکە وەک خۆی نامێنێتەوە. بەدرێژایی چل ساڵان ژیانی ئیلا وەک گۆمە ئاوێکی وەستاو وابوو. ل٧ عەرەبی.

خستنە ڕووی ئەم وێنەیە لە لایەن نووسەرەوە لە پێشەکی ڕۆمانەکەیدا، لە دوای تەواوکردنی ڕۆمانەکە ماناکەی دەکرێتەوە، چونکە دواتر دەردەکەوێت کە عەزیزی نووسەری دەستنووسی ڕۆمانی کفرێکی شیرین، دەبێتە ئەو بەردەی گۆمی وەستاوی ژیانی ئیلا دەشڵەقێنێ. دوای ئەوەی ئیلا عەزیز دەناسێت، ئەویش لە ڕێگای ئەو دەستنووسەی دەزگایەکی ئەدەبی پێی دەدات بۆ هەڵسەنگاندن و شیاوبوونی بۆ چاپ و

بڵاوکردنەوە، بەڵام لەگەڵ خوێندنەوەی دەستنووسەکە ئیلا ژیانی دەگۆڕێت و ئاوێتەی بۆچوونەکانی شەمسی تەبریزی و ڕۆمی دەبێت، لە ڕێگای ئەو ئیمێڵەی عەزیز لەسەر دەستنووسەکەی نووسیوە ئیلا لەگەڵیدا لە پێوەندی بەردەوامدا دەبێ.

سەرەتای ڕۆمانەکە بە کاتە نوێیەکە دەست پێ دەکات، کە باس لە خێزانێکی جوولەکە دەکات، بە ناوی نورسمیتۆن، کە لە سەرەتای ئەم سەدەیە لە ویلایەتی ماساشۆستسی ئەمەریکی دەژین، ئیلا ڕۆبشتاین تەمەن چل ساڵە، پیاوەکەی دیڤید پزیشکێکی سەرکەوتووە لە پیشەکەی، پارەیەکی باشی بۆ خێزانەکەی کۆکردووەتەوە. کچە گەورەکەیان ناوی جانێتە، هەروەها کوڕ و کچێکی جمکیان هەیە، کە ناویان «ئۆرلی و ئافی»یە، ئەمە جگە لەوەی ئیلا سەگێکی هەیە کە ناوی سبیریتە، هەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەیگەڕێنێت و پیاسەی پێ دەکات. ئیلا ژیانێکی ڕۆتینی لەگەڵ دیڤیدی هاوسەریدا دەگوزەرێنێت، کە خاڵییە لە خۆشەویستی و لەیەکترگەیشتن. کاتێک لە جەژنی ڤالانتاین دیارییەکی پێشکەش دەکات، چەند ڕستەیەکی بۆ دەنووسێت، هەست دەکات ڕستەی نووسینەکانی دیڤید لە سەرەمەرگیدا دەخوێنرێتەوە.

لە گفتوگۆیەکی خێزانیدا جانێتی کچیان پێیان ڕادەگەیەنێت، کە دەیەوێت شوو بە سکۆت بکات، ئەو هەواڵە خێزانەکەی نیگەران دەکات، چونکە ئیلا هەست دەکات کچەکەی هێشتا بچووکە و بۆ شووکردنی زووە، لەبەر ئەوە پێی دەڵێت: (کچەکەم تۆ لە چ سەدەیەک دەژی؟ ئەوەت لە بیر بێت کە ئافرەت شوو بەو کەسانە ناکات کە خۆشیان دەوێت، بەڵکو ئەو پیاوانە هەڵدەبژێرێت کە دەبنە باوکێکی باش بۆ منداڵەکانیان، پیاوێک پشتی پێ ببەسترێت، خۆشەویستی هەستێکی جوانە کە پەیدا دەبێت، بەڵام هەر خێرا لە ناو دەچێت) (ل١٩ عەرەبی)، ئەمە بۆچوونی ئیلایە سەبارەت بە ژیانی هاوسەری و خۆشەویستی، دەیەوێت بەسەر کچەکەیدا بچەسپێنێت. ئەم بۆچوونەی دیڤید بە قسە دەخات و دەڵێت: کەواتە تۆ شووت بەو پیاوە نەکردووە کە خۆشت ویستبێت؟ (لاپەڕە ٢٠ چاپی عەرەبی).

ئیلا کە بڕوانامەی لە ئەدەبی ئینگلیزی وەرگرتووە، بەڵام کاری پێ نەکردووە و چەندان ساڵە خەریکی خزمەتکردنی خێزانەکەی بووە، لە تەمەنی چل ساڵیدا لە دەزگایەکی ئەدەبی کارێکی بۆ دۆزراوەتەوە، سەرەتای کارەکەشی دەستنووسی ڕۆمانێکی پێ دەدەن، کە ڕاپۆرتێک لە بارەیەوە بنووسێت و تێیدا ڕاوبۆچوونی خۆی پێشکەش بە دەزگا ئەدەبییەکە بکات. سەرەتا ئیلا زۆر بە دوودڵییەوە بەو کارە ڕازی دەبێت، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە دەستنووسەکە دەبینێت باس لە سۆفیگەری خۆرهەڵاتی دەکات. ئەو کات هێشتا دەستنووسەکەی نەخوێندووەتەوە، بەڵام ئەوەندەی دەزانی کە ڕۆمانێکی مێژووییە دەربارەی ژیانی شاعیری سۆفیگەری بەناوبانگ ڕۆمی، کە بە شکسپیری جیهانی ئیسلامی لە قەڵەم دەدرێت، لەبەر ئەوە ئیلا داوا لە دەزگا ئەدەبییەکە دەکات، کە نووسینی دیکەی بۆ هەڵسەنگاندن پێ بدەن، کە پێوەندی بە خۆیانەوە هەبێت، بەڵام نوێنەری دەزگاکە پێی ڕادەگەیەنێت، کە زۆر جاران پێویستە کتێبێک بخوێنینەوە کە پێوەندی بە ژیانی ئێمەوە نییە، ئیتر ئیلا ناچار دەبێت ڕۆمانەکە بخوێنێتەوە کە بە ناوونیشانی (کفرێکی شیرین)ە:

پێشەکی ڕۆمانە دەستنووسەکەی أ.ز.زاهارا باس لەو ململانێیە دەکات کە لە بوارەکانی ئایینی و سیاسی و دەسەڵاتخوازیدا لە ئەنادۆڵ لە سەدەی سێزدەدا ڕووی داوە. لە ڕۆژئاوادا خاچپەرستەکان قوستەنتینییەیان داگیر کردبوو، بەرەو داگیرکردنی قودس هەنگاویان دەنا، ئیمپراتۆریەتی بیزەنتینییەکان دابەش بووبوو، لە ڕۆژهەڵاتیشدا سوپاکەی مەغۆل بڵاوببووەوە و بە سەرکردایەتی جەنگیزخان خەریکی پاوانخوازی بوو، لەو سەردەمە پڕ ململانێیەدا زانای ئیسلامی جەلالەددین ڕۆمی دەژیا. لە ساڵی ١٢٤٤ ڕۆمی و شەمسی تەبریزی بەیەک گەیشتن، پێوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا دروست بوو، کە بووە هۆی ئەوەی ژیانی ڕوحی ڕۆمی بگۆڕێت، لە سۆفییەکی موڵتەزیمەوە وەرچەرخا بۆ شاعیرێکی جۆشدار بۆ عەشق و خۆشەویستی و سەمای دەروێشانەی دەکرد. لە هەموو کۆروکۆبوونەوەیەکی تەقلیدی دوورکەوتەوە و خۆی ئازادکرد. لە جیاتی جیهادی دەرەکی دژی دوژمنانی ئیسلام، بانگی جیهادی ناوەوەی مرۆڤی دەکرد، بەڵام ئەو بیروبۆچوونانەی مەولانا لە لایەن هەموو خەڵکەوە پێشوازی لێ نەدەکرا، بەڵکو بووبووە مایەی ڕق و کینە و بەخیلی ئەو کەسانەی لە

دەوروبەری بوون. دوای سێ ساڵ لە دیداری شەمس و ڕۆمی، بە شێوەیەکی مەرگەسات ئامێز لە یەکتر دابڕان، بەڵام چیرۆکەکە کۆتایی نەهات، دوای زیاتر لە هەشت سەدە، ئێستاکە ڕوحی شەمس و ڕوحی ڕۆمی تا ئەمڕۆ لە ژیانی ئەو سەردەمەدا خۆیان دەنوێنن، ئەم دوو ڕوحە لە جەستەی کەسانی دیکەی ئەو سەردەمەدا دەخولێنەوە. لاپەڕە ٣٢.

دوای ئەم پێشەکییە نووسەری (کفرێکی شیرین) لە پێش خستنەڕووی بەشەکانی ڕۆمانەکە بە ناوونیشانی (بکوژ)، لە سەرزمانی بکوژێکەوە باس لە ئەنجامدانی کوشتنێک دەکات، کە خۆی ئەنجامی داوە، ئەویش کوشتنی شەمسی تەبریزییە، پاشان دواتر بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە دەست پێ دەکات:

بەشی یەکەم:زەوی، ئەو شتانەی کە ڕەقەکار و جێگیر و سەختن لە ژیان (THE THINGS THAT ARE SOLID, ABSORBED, AND STILL - EARTH)

لە سەرەتای ئەم بەشەدا، ساڵی ١٢٤٢ شەمس لە سەمەرقەندە، لە میوانخانەیەکدایە، خەونێکی ئیشراقی دەبینێت، لە خەونەکەدا دۆستێکی ئازیزی بە دوایدا دەگەڕێت، ئەویش کەوتووەتە ناو بیرێک، کەسەکە هاوار دەکات: کوشتیان، کوشتیان، شەمسیان کوشت، شەمس حەزی دەکرد زیاتر لە خەونەکەدا بمێنێتەوە، تا ڕوخساری ئەو کەسە ببینێت و بزانێت کێیە، بەڵام ڕایدەکشێنەوە ناو ئەم دنیایە و لە خەوەکە بە ئاگا دێت. لاپەڕە ٤٥. دواتر لە کۆتایی ڕۆمانەکە دەردەکەوێت، ئەو خەونەی شەمس، پێشبینییەکەو کەسەکە ڕۆمییە هاوار دەکات، کاتێک شەمس دەکوژن و دەیخەنە ناو بیر.

شەمس کە لە میوانخانەکەدایە هیچی پێ نییە و بە خاوەنەکەی دەڵێت، کە ئەو تەنیا دەتوانێت خەونان شی بکاتەوە و بەردەوام بەدوای خواوەندا دەگەڕێت. خاوەن مەیخانەکەش پێی دەڵێت: تۆ لێرەدا لە شوێنێکی هەڵەدا بە دوای خواوەندا دەگەڕێیت. خواوەند ئەو شوێنەی جێ هێشتووە. نازانین کەی دەگەڕێتەوە. لەو کاتەدا شەمس دڵەخورپە دەیگرێ، لەبەر ئەوەی کەسێک بەم شێوەیە باسی خواوەند دەکات، ئەگەر کەسێک بەخراپی باسی خواوەند بکات، ئەو کەسە بە خراپە باسی خۆی دەکات. ل٤٧.



**مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی**

لەبەر ئەوەی لای شەمس خواوەند زۆر نزیکە، چونکە خۆی دەفەرموێت: (نحن أقرب الیه من حبل الورید)، خواوەند لێمان دوور نییە و لە ئاسمانە بەرزەکان نییە، بەڵکو لە ناوەوەی هەموو ئێمەدایە، وازمان لێ ناهێنێت. کە خاوەن میوانخانەکە گوێی لەم قسانەی شەمس دەبێت، لێی دەپرسێت: ئەگەر خواوەند لێرەیەو وەستاوە و ناجوولێت، ئێمەش لە خراپترین باردایین، ئەمە چی دەگەیەنێت؟ لەم کاتەدا شەمس یەکەم ڕێسا لە چل ڕێساکەی دەخاتە ڕوو: (١)ئەو ڕێگایەی خواوەندی پێ دەبینین، ڕەنگدانەوەی ئەو ڕێگایەیە کە بەهۆیەوە سەیری خۆمان دەکەین و خۆمانی پێ دەبینین، ئەگەر خواوەند جگە لە ترس و سەرزەنشتی هیچ شتێکی دیکە بۆ عەقڵمان نەهێنێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە بڕێکی زۆری ترس لە نەفسی خۆمان هەڵدەقوڵێت، بەڵام ئەگەر خواوەندمان بینی پڕبەتی لە خۆشەویستی و بەزەیی، ئێمە ئەو کاتە وای دەبینین). لاپەڕە ٤٨. خاوەن مەیخانەکە لە شەمس دەپرسێت: ئەو قسەیەی تۆ جیاوازی چییە لەگەڵ ئەو قسەیەی کە دەڵێن خواوەند هەڵبەستراوی خەیاڵمانە؟

لەو کاتەدا دوو کەس لە مەیخانەکەدا بەشەڕ دێن و

ئاژاوە دروست دەکەن، شەمس ناتوانێت وەڵامی بداتەوەو هەوڵدەدات شەڕەکە ڕابگرێت: هەر لەو کاتەی بوومەتە سۆفی سوێندم خواردووە کە ژیانی کەسانی دیکە بپارێزم، ئازار بە کەس نەگەیەنم. لەم دنیایەدا زۆر کەس بەبێ هۆ، یان بە هۆکارێکەوە شەڕدەکەن، بەڵام سۆفی لەگەڵ هیچ کەسێک شەڕناکات، تا ئەگەر هۆکارێکیشی هەبێت، لەبەر ئەوەی هیچ پێویست ناکات پەنا بۆ توندوتیژی ببەیت.

کاتێک دوو خزمەتکاری میوانخانەکە دوو کەسە شەڕکەرەکە فڕێ دەدەنە دەرەوە، خاوەن مەیخانەکە بە شەمس دەڵێت: کاتێک خواوەند بەتەنیا جێمان دەهێڵێت و لەبیرمان دەکات، ئێمە پێویستە دادپەروەری بە دەستی خۆمان بە دەست بهێنین، لەبەر ئەوە ئەی دەروێش ئەگەر جارێکی دیکە قسەت لەگەڵ خواوەند کرد، پێی بڵێ کاتێک ئەو وازمان لێ دەهێنێت، نابێت چاوەڕوان بکەین و چۆک دابدەین، تا سەردەبڕێین، بەڵکو دەبینە گورگ.

شەمس پێی دەڵێت: ڕاست دەکەی بوویتە گورگ، بەڵام تۆ بە هەڵەداچووی لەوەی کە دەتوانیت بەدەستی خۆت دادپەروەری بەدەست بهێنی. لاپەڕە ٥٠.

دواتر شەمس بە تێڕوانینێکی عارفانە لە چاوەکان و ناو لەپی دەستی خاوەن میوانخانەکە ڕادەمێنێت، بۆی دەردەکەوێت، کە ئەو پیاوە وزەی ڕوحی تێدا نییە، بۆ قەرەبووی لەدەستدانی ئەو وزەیە، جەستەی خۆی بەهێزکردووە، کە زۆر زێدەڕۆیی دەکات لە بەکارهێنانی.شەمس مێژووی مەرگەساتی ئەو لە ناو لەپی دەستی و چاوەکانیدا دەخوێنێتەوە، کە خێزانەکەی بە منداڵەکەی زگییەوە لە دەست داوە، بەهۆی سووتانی لە ناوماڵەکەیدا لەلایەن مەغۆلەکانەوە. کاتێک شەمس ئەو ڕاستیانەی پێ دەڵێت، ئەو سەری سوڕدەمێنێ کە چۆن بەم ڕووداوەی زانیوە، شەمس بەردەوام دەبێت لە پیشاندانی ناخی خاوەن میوانخانەکە و پێی دەڵێت: گلەیی لە خۆت دەکەی کە تازیەیەکی گونجاوت بۆ مردنی خێزانەکەت دانەناوە، تا ئێستا دێتە خەونت، بەڵام ژن و منداڵەکەت زۆر باشن و لە جیهانی بێ کۆتاییدا، وەک دوو تیشکی ڕووناکی زۆر ئازادن.

خاوەن میوانخانەکە کە ئەو ڕاستییانە لە شەمس دەبیسێت، زۆر تووڕە دەبێت، دەستی لە ناو دەستی ئەو دەردەهێنێت و پێی دەڵێت: تۆم خۆش ناوێت، هەر ئەمشەو ڕێگات پێ دەدەم لێرە بمێنیتەوە، بەیانی زوو دەڕۆی، نامەوێت جارێکی دیکە ڕوخسارت ببینمەوە.

ژیان بەم جۆرەیە، کاتێک ڕاستییەک بە کەسێک دەڵێیت، ئەو کەسە ڕقی لێت دەبێتەوە، هەرچەندە باسی خۆشەویستی بۆ بکەی، زیاتر ڕق و کینەی لێت هەڵدەستێت. لاپەڕە٥٢.

شەمس باسی منداڵی خۆی دەکات، کە منداڵێکی زۆر جیاواز بوو، خەونی زۆری بینیوەو چەندان دەنگی بیستووە، چەندان ڕۆژ بە بێ نانخواردن ژیانی بەسەر بردووە، لەبەر ئەوەی ئارەزووی خواردنی نەبووە، لای کەسیش باسی نەکردووە، باوکی پێی گوتووە، کە خەیاڵێکی سەرکێشی هەیە، لای کەس باسی ئەو فریشتانە نەکات، کە شەوان دێنە خەونی. دواتر ماڵی خۆیان بە جێ دەهێڵێت و ناگەڕێتەوە. دەبێتە دەروێشێکی گەڕۆک و لە دنیادا دەخولێتەوە، زۆر کەس و شوێن دەبینێ و ئەزموونێکی زۆری لا کەڵەکە دەبێت، کە لە چل ڕێسا بۆ ئایینی عەشق ئەو ئەزموونانە چڕدەکەنەوە. کە تەنیا لە ڕێگای عەشقەوە پەیڕەودەکرێن.

ڕێسای دووەم لەم بارەیەوە دەڵێت: (٢)ڕێگای ڕاستی بە دڵدا تێپەڕدەبێت، نەک بەسەر، لەبەر ئەوە دڵت نەک عەقڵت، بیکەرە ڕێنوێنیکاری سەرەکی خۆت، ڕووبەڕووی ببەوەو مەیدانخوازی بکە، لە دوماهیدا لە ڕێگای دڵتەوە بەسەر نەفسی خۆتدا زاڵ بە، شارەزابوونت لە نەفسی خۆت بەرەو ناسینی خواوەندت دەبات. لاپەڕە٦٠ع.

شەمس دوای چەندان ساڵ ئەزموون بەو ڕێسایانە دەگات، هەست دەکات لە کۆتایی ژیانیدا نزیک دەبێتەوە، ترس و خەمی مردنی نییە، بەڵکو لەوە دەترسێ بمرێت و کولتوور و شوێنەوارێک لە دوای خوێ جێ نەهێڵێت، زۆر چیرۆک چاوەڕوانی ئەوە دەکەن بیانگێڕێتەوە. دەیەوێت ئەو زانیارییانەی پێیان گەیشتووە، بە کەسێکی دیکەی بگەیەنێت. جا ئەو کەسە مامۆستا بێت، یان قوتابی، لەبەر ئەوە لە هاوشێوەی خۆی دەگەڕێت. ئەو دوعایە دەکات: ئەی پەروەردگار، هەموو ژیانم لە خولانەوەو گەشتکردن بەدنیادا بردووەتە سەر، ڕێگای ڕاستی تۆم گرتووەتە بەر، هەموو شتێکم وەک کتێبێکی والا، قورئانێکی گەشتیار بینیوە، لە

بورجی بەرزی زانایان دوورکـەوتوومـەتەوە، ئەوەم پێ باشتر بووە کە کاتی خۆم لەگەڵ خەڵکی ڕەشوڕووت و پەراوێزخراوەکان بەسەر ببەم، لە هەموو ئەوانە پڕ بوومە، ئەی پەروەردگار هانات بۆ دەهێنم دەستم بگرە و هاوکارم بە، تا بتـوانم ئەو حـیکمـەتانەی پێت بەخـشـیـوم بە کەسێکی گـونجـاو بگەیەنم، پاشـان ئەو کـات چیم لێ دەکەی بیکە. لاپەڕە ٦٢.

لەو کـاتەی ئەم دوعـاو پاڕانەوەیە دەکـات، نوورێک دێتە بەر چاوی، پێی دەڵێت: بڕۆ سەفەر بکە بۆ بەغدا، داوای هاوڕێییەکت کرد، پێت دەبەخشرێت، لە بەغدا ئەو گەورەیە دەدۆزییـەوە، کە بۆ ڕێگای دروست ڕێنمـاییت دەکات. لاپەڕە ٦٣.

شەمس لە نیسـانی ١٢٤٢ دەگـاتە بەغدا، لە کـاتی گەیشتنی بە تەکیەی بابازەمان، گەورە قازی بەغدا لەوێ دەبێت، دوای ئەوەی وەک تەبریزی کــە دەروێشـــێکی گەڕۆکە کە بەدوای خـواوەنددا دەگەڕێت خـۆی بە بابا زەمان دەناسێنێت، ئەویش پرسیارێکی لێ دەکات و پێی دەڵێت:خواوەندت دۆزیوەتەوە؟

–بەڵێ، خواوەند هەمیشە لەگەڵمدایە.

لەو کاتەدا گەورە قازی بەغدا دێتە ناو گفتوگۆیەکە و بە شەمس دەڵێت: نازانم بۆچ ئێوەی دەروێشـان ژیان بەم جۆرە دەبینن؟ ئەگەر خواوەند هەمیـشە لەگەڵتدا بووە، لەبەر چی بەدوایدا دەگەڕێیت؟

–هەرچەندە ناکــرێت هەر تەنـیـا بەگـەڕان خـواوەند بدۆزرێتــەوە، بەڵام ئەوانەی بە دوایدا دەگــەڕێن، هەر ئەوان پێی دەگەن. مەبەستم ئەوەیە ئەی گەورە قازی، کە مـرۆڤ ناتوانێت خـواوەند بدۆزێتـەوە، ئەگەر فـەرووەیەکی گـرانبەهاو شـتـومـەکی حـەریری وەک تۆی لەبەر بێت. لاپەڕە ٧٤.

–ئێـوەی سـۆفی شـتـەکـان زۆر ئاڵۆز دەکـەن، وەک فەیلەسوف و شاعیرەکان، چ پێویست بەو وشە ئاڵۆزانە دەکات، مـرۆڤەکان سـادەن، پێویـستی سادەییـان هەیە، پێویستە سەرکردەکان پێویستییەکانیان جێبەجێ بکەن و ڕێگاکـانیـان ون نەکـەن، ئەمـەش پێـویست دەکات کـە شەریعەت بە شێوەیەکی تەواو پەیڕەو بکرێت.

شـەمس بەم شـێـوەیە وەڵامی گـەورە قـازی دەداتەوە: شـەریعـەت وەک مـۆم وایە، کـە ڕووناکـیـیـەکـمـان پێ دەبەخـشـێت، کـە زۆر بە نرخە، بەڵام نابێت ئەوە لە یاد بکەین، کـە مـۆم یارمـەتیـمـان دەدات لە تاریکیـدا لە شوێنیک بچینە شوێنێکی دیکە، ئەگەر خۆمان لە بیرکرد کـە ئێـمـە بەرەو کـوێ دەچین، هەر تەنـیـا چاو ببـڕینە مـۆمـەکـە، ئەمـە سـوودی چی دەبێت؟ ڕێسـای سـێـیـەم دەڵێت: (٣)هەر خـوێنەرێکی قـورئانی پیـرۆز بە پێی ڕادەی قووڵیی خۆی لە قورئان دەگات، چوار ئاستی بینین و تێگەیشتن بۆ قورئان هەیە، ئاستی یەکەم، دەرەکییە، ئەو مـانایەی کـە زۆربەی خـەڵـک پێی دەگـات و باوەڕیان پێیەتی، دواتر ئاستی دووەم دێت، کە ئاستی ناوەکییە، لە ئاستی سێیەمدا، بینینی ناوەکی ناوەکی هەیە، بەڵام ئاسـتی چوارەم بریـتـیـیـە لە قـووڵایی، کـە ناکـرێت بە وشـەکان باسی لێوە بکرێت، لەبەر ئەوە وەسف ناکرێت.

ئەو زانایانەی کـە پشت بە شـەریعـە دەبەستن و جەختی لەسەر دەکەنەوە، ئەوانە لە مانای دەرەکی قورئان دەگەن، بەڵام سۆفییەکان لە مانای ناوەکی قورئان دەگەن، وەلی و پیاوچاکان مانای ناوەکی ناوەکی قورئان دەزانن. ئاستی چوارەمیش تەنیا پێغەمبەران و پیاوچاکە پایەبەرزەکان کە زۆر لە خواوەندەوە نزیکن دەگرێتەوە.

گەورە قازی بەغدا بە شەمس دەڵێت:مەبەستت ئەوەیە



که سۆفییەکی ئاسایی زیاتر له زاناکانی شەریعەت لە قورئان دەگات، ئاگادار بە، ئەو قسەیەی دەیکەی کفرکردنێکی تەواوە.

شەمس پرسیاری لێ دەکات کە لای ئەو کفرکردن چییە؟ پاشان چیرۆکی مووسا و شوانەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێک مووسا لە چیادا شوانێک دەبینێت بە زمانی تایبەتی خۆی لە خواوەند دەپاڕێتەوەو دەڵێت:ئەی پەروەردگاری خۆشەویست، من زۆر لەوە زیاتر خوشم دەوێیت کە دەیزانی، هەموو شتێک لە پێناو تۆدا دەکەم، تەنیا پێم بڵێ چیت دەوێت؟ هەتا ئەگەر داوام لێ بکەی مەڕت بۆ سەردەبڕم، لەوەدا دوو دڵی ناکەم، بۆشت سووردەکەمەوە و لەگەڵ ڕۆن و برنج دەیکەمە خواردنێکی خۆش بۆت، دواتر قاچەکانت دەشۆم، گوێچکەکانت خاوێن دەکەمەوە، ئەی پەروەردگار ئەوە ڕادەی خۆشەویستیمە بۆت.

لەو کاتەدا مووسا کە گوێی لەو قسانەی شوانەکە دەبێت، بەسەریدا هاوار دەکات و پێی دەڵێت: بوەستە، ئەی پیاوی نەزان، تۆ دەزانی چی دەکەی و چی دەڵێی؟ وا دەزانی خواوەند برنج دەخوات؟ وا دەزانی خواوەند قاچی هەیە، تا بیشۆیت؟ ئەمە نوێژکردن نییە، ئەمە کفرێکی تەواوە.

شوانەکە داوای لێبوردن لە مووسا دەکا، بەڵێنی پێ دەدات کە وەک پیاوچاکان نوێژ بکات، ئەو ڕۆژەی مووسا ئەو شوانەی فێرە نوێژ کرد، لە کارەکەی ڕازی بوو، زۆر دڵخۆش بوو، بەڵام بۆ شەوەکەی دەنگی خواوەند هات و بە مووسای گوت: ئەوە چیت کرد مووسا؟ سەرزەنشتی ئەو شوانە هەژارەت کرد، درکت بە پلەو پایەی بەرزی ئەو لەلای من نەکرد، لەوانەیە بە شێوەیەکی دروست نوێژی نەکردبێت، بەڵام ڕاستگۆو دڵسۆز بوو لەو قسانەی دەیکرد، لەوانەیە قسەکانی لە گوێی تۆ کفر بووبێت، بەڵام سەبارەت بەمن کفرێکی شیرین بوون. لاپەڕە ٨٧.

مووسا گەڕایەوە چیاو بەدوای شوانەکەدا گەڕاو دۆزییەوە، بینی کە بەو شێوەیە نوێژ دەکات کە ئەو فێری کردبوو، کە زۆر بە نارێکی قسەکانی دەکرد و ئەو جۆشوخرۆشەی پێشتری نەبوو، مووسا زۆر پەشیمان بووەوە، دەستی لە پشت شوانەکە دا و پێی گوت: من هەڵە بووم، تکایە لێم ببوورە، تکایە وەک پێشوو نوێژی خۆت بکە، لەبەر ئەوەی نوێژی پێشووترت لای خواوەند زۆر بەهادار بوو. ل٨٩.

دوای باسکردنی ئەم چیرۆکە شەمس بە گەورە قازی بەغدا دەڵێت: هەروەک دەبینی، حوکم لە سەر ئەو ڕێگایە مەدە، کە خەڵک بە هۆیەوە پێوەندی بە خواوەندەوە دەکەن، هەر کەسێک ڕێگا و شێواز و نوێژی تایبەتی خۆی هەیە، خواوەند هەر تەنیا بەقسەکانمان وەرناگرێت، بەڵکو سەیری ناو دڵمان دەکات، ئەو ڕێو ڕەسمە ئاییینیانە وامان لێ ناکات کە ئیماندار بین، بەڵکو گرنگ دڵمانە، کە ئاخۆ لە خواپەرستی پاک و بێ گەردە، یان نا.

گەورە قازی بەغدا بەو قسانەی شەمس نیگەران دەبێت، بەڵام دەیەوێت بەسەر خۆی نەهێنێت، ئەو نیگەرانییەی دەشارێتەوە، بابازەمان هەست بەوە دەکات، بەشەمس ڕادەگەیەنێت، شەمسیش پێی دەڵێت: لای من ئەوە گرنگ نییە، چونکە من لەگەڵ ئەو کەسانە ڕاهاتووم کە منیان خۆش ناوێت و ڕقیان لێمە.

دواتر لە چاو و زمانی قوتابییەکی تەکییەی بابای زەمان باسی شەمس دەکرێت، ئەو کاتەی شەمس لەگەڵ بابای زەمان قسە دەکەن، شەمس ڕێسای چوارەمی دەخاتە ڕوو: (٤) دەتوانی لە میانەی هەموو شتێک و هەموو کەسێک لەم گەردوونەدا، بەدوای سیفەتی خواوەندا بگەڕێیت، لەبەر ئەوەی بوونی خواوەند لە مزگەوت MOSQUE و کڵێسا SYNAGOGUE و کنێس CHURCH قەتیس ناکرێت، ئەو لە هەموو جێگایەک و لە هەموو شوێنێک هەیە، بەڵام ئەگەر دەتەوێت بزانیت بەڕاستی خواوەند لە کوێیە، ئەوە یەک شوێن هەیە دەتوانی بەدوایدا بگەڕێیت، ئەویش دڵی عاشقێکی خواوەندی ڕاستەقینەیە، هیچ کەسێک دوای بینینی ئەو ناژیت، هیچ کەسێک دوای بینینی ئەو نامرێت، هەرکەسێک بیدۆزێتەوە، بۆ هەمیشە لەگەڵیدا دەبێت. لاپەڕە ٨٩.

شەمس بە بابا زەمان دەڵێت: ئەگەر زانستی عارفان لە شوێنی دیکە بڵاوی نەکەیتەوە، وەک مانەوەی ئاوێکی کەمی ناو گۆزەیەکی لێ دێت، کە بەرە بەرە کەم دەبێتەوە و نامێنێت. ئەگەر نەڕژێنرێتە شوێنێکی دیکە، چەندان ساڵە داوا لە خواوەند دەکەم کە هاوڕێیەکم بۆ پەیدا بکات تا ئەو زانستە عارفانەی هەیتم پێی بدەم، لە

دواییدا لە سەمەرقەند خەونێکم بینی کە بێمە بەغدا، بە دوای چارەنووسی خۆم بگەڕێم، من دەزانم کە تۆ ناو و شوێنی ئەو هاوڕێیەی من دەزانی، ئێستاش نەبێت، دواتر هەر پێم دەڵێی. ل٨٩.

لە بەشێکی دیکەدا بابا زەمان باسی شەمس دەکات، ماوەی نۆ مانگە لای ماوەتەوە، بۆی دەرکەوتووە، کە لە دەروێشەکانی دیکە زۆر جیاوازە، توانایی فێربوونی سەیری هەبوو، دەیویست هەموو شتێکی نوێ و نائاسایی بزانێت، لە سروشت ڕادەماو سەیری تەونی جاڵجاڵۆکەو خوناوی سەر گوڵەکانی دەکرد، ماوەیەک دەیخوێندەوە، دواتر لە خوێندنەوە دادەبڕا، ئەو هەڵسوکەوتانەی جێگای سەرنجی بابای زەمان بوو، لەم بارەوە پرسیاری لێ دەکات، ئەویش پێی دەڵێت، بیری -عەقڵ مرۆڤ پێویستی بە تێربوون هەیە، وەک منداڵێکی برسی دەبێت زانیاری بۆ پارچە پارچە بکەی و بیخەیە ناو دەمی، بەڵام دەبێت مرۆڤ وریا بێت بیری گەندەڵ نەبێت، هەروەک چۆن هەندێ خۆراک بۆ هەزمکردنی گەدەی منداڵ سەختە، هەندێ زانیاریش بۆ عەقڵ سەختە، پاشان شەمس باسی ڕێسای پێنچەم دەکات:(٥) بیر-عەقل و عەشق و خۆشەویستی لە کەرەستەی جۆراوجۆر پێکدێن، عەقڵ بە گرێبەستێک دەبەستێتەوە، بەڵام عەشق هەموو گرێبەستەکان دەتوێنێتەوە، عەقڵ هەمیشە وریایە و دەڵێت: زۆر وریابە لە نەشوە، بەڵام عەشق دەڵێت: گوێ مەدەرێ، ئەو موجازەفەیە بکە، ئەمە لە کاتێکدا عەقڵ بە ئاسانی لە ناو ناچێت، بەڵام عەشق بە ئاسانی وێران دەبێت و لە خۆڕا دەبێتە پاشماوە، بەڵام شتە بەهادارەکان و گەنجینەکان لە ناو پاشماوەکاندا شارراونەتەوە، لەبەر ئەوە دڵێکی شکاو چەندان گەنجینەی تێدایە. (لاپەڕ٠ ١٠عەرەبی ٨٤ فارسی ٤٨ ئینگلیزی).

بابازەمان هەرچەند زیاتر شەمسی بناسیبایە زیاتر پێی سەرسام دەبوو، وا باسی دەکات، کە هیچ هەڵەیەک بەسەر شەمس تێنەدەپەڕی، بەبێ ئەوەی تێبینی خۆی لەبارەیەوە بخاتە ڕوو، لەهەر کۆڕوکۆبوونەوەیەک ئەگەر گەمژییەکی تێبینی کردبا، یەکسەر شوێنەکەی بەجێ دەهێشت و کاتی خۆی بە قسەی بێ بنەما نەدەگوزەراند، زۆر گرنگی بە ئاسوودەیی و خۆشی و ئاسایش نەدەدا، زۆر کەم قسەی دەکرد، هەندێ جار چەندان ڕۆژ هیچ وشەی نەدەدرکاند، لێرەدا بابای زەمان ڕێسای شەشەمی شەمس دەخاتە ڕوو: (٦) زۆربەی گرفتەکانی جیهان لە هەڵەی زمان و تێنەگەیشتن سەرهەڵدەدەن، لە دنیای عەشقدا ئەو زمانەی ئێمە دەیناسین نامێنێت، ئەو شتەی کە ناتوانرێت بە وشەکان تەعبیری لێ بکرێت، ناکرێت درکی پێ بکرێت، بە بێ دەنگی نەبێت.ل١٠١ ع ٨٥ف ٤٨ ئینگلیزی.

سەعید بورهانەددین کە مامۆستاو سەرپەرشتیاری ڕۆمییە، لە قۆنییەوە نامەیەک بۆ بابازەمان دەنووسێت، کە تێیدا باسی ئەوە دەکات پادشای کۆچکردوو عەلائەددین کەیقوباد، خەونی بە دروستکردنی شارێکەوە دەبینی، کە شاعیر و فەیلەسووف و زانایان ئازادانە کارەکانی خۆیان تێدا ئەنجام بدەن، زۆربەی خەڵک ئەو خەونەیان لا مەحاڵ بوو، لەبەر ئەو ئاژاوەیەی بە هۆی شەڕو داگیرکردنەکانی مەغۆلەکان و خاچپەرستەکان لە ناوچەکەدا لە ئارادا بوو، بەڵام پادشا عەلائەددین سەرکردەیەکی خاوەن توانایی و وریابوو، توانی لەشاری قۆنییە ئەو خەونەی خۆی بهێنێتە دی. مەولانا جەلالەددین ڕۆمی یەکێکە لەو زاناو عارفە مەزن و بەنێوبانگانەی قۆنییە، کاتی خۆی کە منداڵ بووە، فەریدەددین عەتاری نیشابووری بینیوەتی، پێشبینی ئەوەی لێ کردووە کە ئەو منداڵە دەرگایەک لە دڵی عەشق دەکاتەوە و ئاگر دەخاتە ناو دڵی هەموو عاشقە سۆفییەکان. شێخی عارفان ئیبن عەرەبی کاتێک کە ڕۆمی بینیوە لە دوای باوکی دەڕوات، گوتوویەتی: سوبحانە الله ئۆقیانووسێک بە دوای دەریاچەیەکدا دەڕوات.

سەعید بورهانەددین بەڵێنی بە باوکی ڕۆمی داوە کە ئاگاداری کوڕەکەی بێت، گەرچی ئەو سەرپەرشتیار و مامۆستای ڕۆمییە، بەڵام لەبەر لێهاتوویی و زانایی ڕۆمی زۆر شتی لێ فێربووە، ئەو خۆی بە قوتابی ڕۆمی دادەنێت. خەونێک بەبەردەوام ڕۆمی نیگەران دەکات، لە خەونەکەیدا بە دوای کەسێکدا دەگەڕێت، کە لە شارێکی گەورەی دنیادا دەژیت. لەو ماوەیەدا مامۆستاکەی سەعید بورهانەددین دەستەسڕێکی بە دیاری پێ دەگات، ئەو کاتە هەست دەکات، کە ئەو کەسەی ڕۆمی خەونی پێوە دەبینێت، لە تەکییەکانی بابازەمان دەژیت، لەبەر ئەوە نامەی بۆ دەنووسێت. لە نامەکەدا ئاماژەش بەوە دەکات، لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر لەدەوری ڕۆمیدان و خۆشیان

دەوێت، ڕق و کـینەیان بەرانبـەر ئەو کـەسـە دەبێت و ئیرەیی پێ دەبەن کە دەبێتـە هاوڕێی ڕۆمی، لەبەر ئەوە ئەو کەسەی کە ڕۆمی خەونی پێوە دەبینێت، ئەگەر ئەو کەسە سەفەر بکات بۆ قۆنییە، گەڕانەوەی بۆ نییە و ڕووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبێت، دەبێت ئەو کەسە لەو ڕاستییە ئاگاداربێت.

بابازەمان دەروێشەکانی کۆدەکاتەوەو باسی ئەو خەونە بەردەوامـەی ڕۆمی و داواکـاری مـامـۆسـتـا و سەرپەرشتیارەکەی بۆیان دەکات، پێیان دەڵێت کە دەبێت یەکێکیان سەفەر بکات و بچێت ببێتە هاوڕێی ڕۆمی، لەو کاتەدا شەمس دڵەخورپە دەیگرێ و هەناسەی تەنگ دەبێت. باسی ڕێسای حەوتەم دەکات: (٧) تەنیایی و خەڵوەت دوو شتی جیاوازن، کاتێک تەنیا دەبێ، ئاسانە خۆت هەڵبخەڵەتێنی و خەیاڵ بکەی کە ڕێگایەکی ڕاستت گـرتووەتە بەر، بەڵام خـەڵوەت باشـترە بۆ ئێـمە، لەبەر ئەوەی خـەڵوەت ئەوە دەگـەیەنێ کـە تۆ بە تەنیـای بەبێ ئەوەی هەست بکەی تەنیـای، لە دومـاهیـدا دەبێت بە دوای کـەسـێکدا بگەڕێیت، کـەسـێک کـە وەک ئاوێنە وابێت بۆت. ئەوەت لە بیـر بێت کـە تۆ ناتوانیت بە ڕاستی خۆت ببینی، تەنیـا مـەگـەر لە دڵی کـەسێکی دیکەدا نەبێت. ل١١٠ع ٩١ ف.

کاتێک بابازەمان پرسیار لە دەروێشەکانی دەکات، کە کـامیـان ئامـادەن ئەو گەشـتە بکەن، و ببنە هاوڕێی ئەو زاناو عـارفە گەورەیە، نۆ دەروێش دەست بەرزدەکەنەوە، شەمسیش دەست بەرزدەکاتەوە و دەبنە دە کەس.

بەڵام بابازەمان بە هەر دە کـەسیـان دەڵێت: شـتێکی دیکەش هەیە دەبێت بیـــزانن، پێش ئەوەی بەتەواوی بڕیاری خۆتان بدەن، ئەویش ئەوەیە کە ئەو سەفەرکردنە مـەترسیـیەکی گـەورەی تێدایە، لەبەر ئەوەی زەمانەتی گەڕانەوەی نییە. ئەو کاتە هەمـوو دەروێشـەکان دەستی خۆیان داگرت، تەنیا شەمس نەبێت. لاپەڕە ١١١.

شـەمس سـەرەڕای ئەو مـەترسـیـیـە، بڕیاردەدات ئەو سـەفـەرە بکات، بابازەمـان سـەفـەرکـردنەکـەی وەرزێک دوادەخــات، دەبێت شــەمس چاوەڕوانی هاتنی وەرزی بەهار بکات، ئەو مـاوەیەی چاوەڕوانی شـەمس نیگەران دەکـات. ئەو کـات باسی ڕێسـای هەشـتـەم دەکـات: (٨) هیچ کات بێ ئومێد مەبە، ئەگەر هەمـوو دەرگـاکانت لە بەردەم داخـرا، لە دواییـــدا خـــواوەند دەرگـــایەکت بۆ دەکـاتەوە، شـوکـرانەی خـواوەند بکە، ئاسـانە لە کـاتی ئاساییدا سوپاسگوزاری خواوەند بکەی، سۆفی هەر تەنیا بۆ ئەو نیـــعـــمـــەتانەی خـــواوەند پێی دەبەخـــشـــێت ســــوپاسگوزاری ناکــــات، بەڵکو لەو کـــاتانەش سوپاسگوزاری خودا دەکات، کە هەموو بەخشینەکانی لێ قەدەغە دەکات. لاپەڕە ١١٢ عەرەبی ل٩٢-٩٣ فارسی.

دوای هـاتـنی بەهـار، بابـازەمــــان وەرزێکی دیکـە سـەفـەرکـردنەکـەی شـەمس دوادەخـات. ئەم دواخـسـتـنە شەمس دەحەپەسێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا هەر تەنیا دەیەوێت ناوی شـوێن و کـەسـەکـە بزانێت، بەڵام بابازەمـان لە چاوەڕوانی دادەنێت و پێی ناڵێت.

شـەمس هەست دەکـات لەم دواخـسـتـنەدا چاوەڕوانی ئاسـانـتـرە، چونکە دواخـسـتـنێکی بەدوادا نایەت، دواخـسـتـنی سـەفـەرکـردن و نەزانینی ناوی شـوێن و کەسەکە، لە بڕیارەکەی خۆی ساردی ناکاتەوە. ڕێسای نۆیەم دەڵێت: (٩) سەبرگرتن ئەوە ناگەیەنێت کە بەرگەی ناخۆشییەکانی چاوەڕوانی بکەی بە شێوەیەکی ناهەموار، بەڵکو سـەبرگـرتن وات لێ دەکـات کـە دووربین بیت و بڕوات بە ئاکـامی کـۆتایی هەر کـردارێک هەبێت. سـەبرگـرتن چییـە؟ ئەوەیە کە سـەیری دڕک بکەی گـوڵ ببینی، سەیری شەو بکەی ئاسۆی بەیان ببینی، بەڵام بێ سەبری، یان سەبرنەگرتن مـانای ئەوەیە کە کـورتبینی، ناتوانیت ئاکامەکە ببینیت، عـاشقانی خودا هەرگیز بێ ســەبر نینە، لەبەر ئەوەی دەزانن کــە مـــانگی چواردە پێویستی بەکاتە تا مـانگ بە تەواوی دەربکەوێ. لاپەڕە ١١٣ع ٩٤ ف.

کە وەرزی پاییـز دێت بابازەمـان دوا بڕیار دەدات، کە شـەمس ئەو دەورێشـەیە دەبێت گـەشت بکات و ببێـتـە هاوڕێی ئەو زانایە، پاشـان شـوێنەکـەی پێ دەڵێت کـە قۆنییـەیە و ناوەکـەشی جەلالەددینی ڕۆمییـە. ئەو کاتە شەمس هەست دەکات یەکەم جارە ئەو ناوە دەبیستێت، کە دیارە زانایەکی گەورەیە، بەڵام سەبارەت بەو لوغزێکی گەورەیە، لەبەر ئەوە پیتەکانی ناوی ڕۆمی لێکدەداتەوە، پیتی ڕا بەهێز و پڕشنگدارە، پیتی واو مـەخـمـەڵییـە، پیتی میم بە توانست و پڕ لە بڕوا بەخۆبوونە، پیتی یا شاراوەیە، دەبێت شەمس ئاشکرای بکات.

بابازەمان نامەیەک بۆ سەعید بورهانەددین دەنووسێت و دەیداتە شەمس، کە لەگەڵ خۆیدا بیبات و بیگەیەنێت،

لە نامەکەدا باسی ئەوە دەکات، کە ئەو بەڕاستی شەمسی زۆر خۆش دەوێت، زۆر نیگەرانە کە بۆ ئەو سەفەرە پڕ مەترسییە دەینێرێت. لە بارەی کرمی ئاوریشم قسەی لەگەڵ شەمس کردووە، باسی ئەوەی کردووە، کە چۆن ئەو کرمە ئاوریشم دروست دەکات و لە دەوری خۆی دەئاڵێنێت، دوای تەواوبوونی ئاوریشمەکە و بۆ دەرچوونی لە قۆزاغەکەی و دەرهاتنی دەبێت کرمەکە بکوژرێت، واتە تا ئاوریشمەکە بەدەست بهێنرێت، پێویست دەکات کرمەکەی بکوژرێت، بۆ دروستکردنی یەک دەستەسڕی ئاوریشم سەدان کرمی ئاوریشمی بەکاردەهێنرێت.

شەمس بەیانییەکی زوو کە بابازەمان بەجێ دەهێڵێت، پێی دەڵێت: ئەو وەک کرمی ئاوریشمە، ئەو لەگەڵ ڕۆمی دەچنە ناو قۆزاغەی عەشقی خوایی، تا کاتی خۆمان نەیەت و ئاوریشمی بەهادار دروست نەبێت ناهێنە دەرەوە، لە کۆتاییشدا تا ئاوریشمەکە بەدەست بهێنرێت، دەبێ کرمەکە بمرێت.

لە ٣٠ ئەیلوولی ١٢٤٣ شەمس لە بەغدا دەردەچێت و بەرەو شاری قۆنییە بەڕێ دەکەوێت، هەست دەکات لە سەرەتای گەشتی خۆشەویستییەکی ناوەکیدایە. ڕێسای دەیەم دەڵێت: (١٠) جیاوازییەکی گەورە لە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوا، باکوور و باشووردا نییە، پێویستە ئەو گەشتەی دەیکەیت، گەشتێک بێت لە ناوەوەی خۆت، کە لەناوەی خۆت گەشتت کرد، ئەو کاتە دەتوانی دنیای پان و بەرین ببڕیت. لاپەڕە ١٢٨ ع ١٠٧ ف ٦٠ ئینگ.

شەمس چاوەڕوانی سەختی و دەردەسەری و مەرگەساتێکی دەکرد کە لە قۆنییە بەسەریدا دێت، پێشوازی لەو چارەنووسەی خۆی دەکات، سۆفییەکی وەک ئەو فێری ئەوە بووە کە لە یەک کاتدا پێشوازی لە دڕکێک و گوڵێک، ناخۆشی و خۆشییەکانی ژیان بکات، ڕێسای عەشق دەڵێت: (١١)کاتێک مامان دەبینی دایکێک ژانی نییە، دەزانێت هێشتا کاتی منداڵبوون نەهاتووە، تا نەفسێکی نوێ لە دایک بێت پێویستە ژان و ئازار هەبێت. لاپەڕە ١٢٩ ع ١٠٧ف ٦٠ ئینگلیزی.

کاتێک شەمس دەیەوێت دەست بە گەشتەکەی بکات گۆڕانکاری بەسەردا دێت، بابازەمان هەست بەو گۆڕانکارییە دەکات و پێی ڕادەگەیەنێت، ڕێسای عەشق (١٢) دەڵێت: گەڕان بەدوای عەشقدا دەمانگۆڕێت، کەس نییە بەدوای عەشقدا بگەڕێت و لە گەشتی گەڕانەکەیدا نەشونما نەکات و گۆڕانکاری بەسەردا نەیەت، هەر لەو ساتەی گەشتی گەڕان بەدوای عەشق دەستی پێ کرد، گۆڕانکاری لە ناوەوەو دەرەوە دەست پێ دەکات. لاپەڕە ١٢٩ ع ١٠٧ ف ٦٠ ئینگلیزی.

پێش ئەوەی شەمس گەشت بکات بابازەمان ئەم سێ شتەی پێ دەدات: دەستەسڕێکی ئاوریشم، ئاوێنەیەکی زیوی، شووشەیەک بەلسەم، پاشان پێی دەڵێت: ئەم کەرەستانە لە گەشەکەتدا یارمەتیت دەدەن، لە کاتی پێویستیدا بە کاریان بهێنە، ئەگەر بڕوات بەخۆت نەما، بەو ئاوێنەیە جوانی ناوەوەی خۆت دەبینی، ئەگەر ناوو ناتۆرەت بۆ دروستکراو ناوی تۆیان لەکەدار کرد، ئەم دەستەسڕە پاکی و بێگەردی دڵت بە بیر دەهێنێتەوە، ئەم بەلسەمەش برینی ناوەوەو دەرەوەت سارێژدەکات. لاپەڕە ١٣٠ عەرەبی.

قوتابییەکەی تەکییەی بابازەمان زۆر بە شەمسەوە پەیوەست بوو، لەبەر ئەوە دەیویست لەگەڵیدا گەشت بکات بۆ قۆنییە، بەڵام شەمس پێی دەڵێت: من ڕاهاتووم بە تەنیا گەشت بکەم، من نامەوێت مورید و قوتابیم هەبێت، لەبەر ئەوەی پێشەوا و ڕابەری هیچ کەس نیم، بە تایبەتی تۆ، ئەگەر دەتەوێت لە داهاتوودا بە دوای مامۆستایەکدا بگەڕێیت، ئەو ڕێسایە زێڕینییەت لە بیر بێت کە دەڵێت: (ڕێسای ١٣) لەو دنیایەدا زۆر مامۆستا و ڕێبەری سەختەکار هەن، کە لە ئەستێرەکانی ئاسمان زیاترن، ئەو دوو جۆرە کەسە تێکەڵ بە یەکتر مەکە: ئەو خۆپەرستانەی بۆ دەسەڵات بەدەستهێنان کار دەکەن، لەگەڵ مامۆستا ڕاستەقینەکان. مامۆستای ڕاستەقینە سەرنجت بۆ لای خۆی ڕاناکێشێت، و داوای چوونە ژێر ڕکێفێکی ڕەهای خۆیت لێ ناکات، یان ئەو جۆرە مامۆستایە ئەوە نییە تۆ پێی سەرسام بیت، بەڵکو مامۆستای ڕاستەقینە یارمەتیت دەدات کە ناوەوەی خۆت هەڵبسەنگێنی و ڕێزی بگریت، مامۆستا ڕاستەقینەکان زۆر شەفافن، کە ڕووناکی خواوەند بە ناویاندا تێپەڕ دەبێت. لاپەڕە ١٣٢ع.

قوتابییەکە زۆر پێداگیری دەکات لەگەڵ شەمسدا سەفەر بکات، شەمسیش داواکارییەکی لێ دەکات کە

کارێک ئەنجام بدات، بەڵام قوتابییەکە لەبەر قسەی خەڵک پێی شەرمە ئەو کارە بکات، ئەو کاتە شەمس پێی دەڵێت: تۆ زۆر گرنگی بە ڕاوبۆچوونی خەڵک دەدەی لە بارەی خۆتەوە، بەڵام دەزانی لەبەر ئەوەی زۆر حەزدەکەی ڕەزامەندی ئەوان بەدەست بهێنی، هەرگیز لە ڕەخنەکانیان دەرباز نابیت، هەرچەند هەوڵ بدەی. هەر کەسێک بیەوێت ڕێگای خۆی بگرێت، دەبێت واز لە پارەو دەسەڵات و نێوبانگ بهێنێت، واتە دەستبەرداری هەموو ئەو شتانە بیت کە لە ژیاندا لات شیرینن، بەڵام شەمس هەست دەکات ئەو قوتابییە ئەو ئامادەییەی لێ بەدی ناکرێت، لەبەر ئەوە داوای لێ دەکات بگەڕێتەوە لای باوکی سەرقاڵی کار و کاسبی بێت.

**بەشی دووەم/ ئاو، ئەو شتە شلانەی کە دەگۆڕێن، ناتوانرێت پێشبینی بکرێن.**

WATER, THE THINGS THAT ARE FLUID, CHANGING, AND UN-PREDICTABLE

ئەو بەشە وەک ناوونیشانەکەی -ئاو- گۆڕانگاری تێدا ڕوودەدات، بەڵام هەروەک چۆن ناتوانرێت پێشبینی ئاوبکرێت، وا پێ دەچێت، کە ناتوانرێت پێشبینی ڕووداوەکانیش بکرێت.

قۆنییەی ساڵی ١٢٤٤ ڕۆمی گەورە زانانی شەریعەت و گوتاربێژییەتی. لە سەرەتای ئەو بەشەدا ڕۆمی خەونێکی ناخۆش هەمدیس هەراسانی کردووە، بەڵام ئەم جارە خەون بە دەروێشێکەوە دەبینێ کە شەمعەدانێکی پێنج مۆمی بەدەستەوەیە، دواتر کە ڕۆمی دەیەوێت چامەیەکی شیعری خۆی بۆ بخوێنێتەوە، ئەم پێنج مۆمە دەبنە دەستی ڕاستی، کە بلێسەی ئاگرەکە لە هەر پێنج پەنجەی دەستی هەڵدەگیرسێن، بە ترسەوە ڕۆمی لەدەوری خۆیدا بە دوای ئاودا دەگەڕێت، تا ئاگرەکە بکوژێنێتەوە، بەڵام ئاوی دەست ناکەوێت و عەباکەی خۆی دادەکەنێت و بۆی دەهاوێت، بەڵام لەو کاتەدا دەروێشەکە ون دەبێت. لاپەڕە ١٤٤.

ڕۆمی تەمەنی لە چڵ ساڵی نزیک بووەتەوە، پەروەردگار سێ نیعمەتی پێ بەخشیوە، مەعریفەت، فەزیلەت، توانایی هاوکاری خەڵکان لە گەڕان بەدوای خواوەندا. لەو ساڵەدا شەمس دەگاتە قۆنییە، لەبەر ئەوەی ئەو لە ژیانی کۆچەری ڕاهاتووە، مانەوەی لە شار تا ڕادەیەک نیگەران و پەرێشانی دەکات، بەڵام ڕێسایەکی گرنگی عەشقی بەبیردا دێتەوە، کە دەڵێت: (١٤) هەوڵ مەدە بەرەنگاری ئەو گۆڕانکارییانە ببیتەوە کە دێنە سەر ڕێگای ژیانت، بەڵکو لە ژیان بگەڕێ کە لە تۆدا بژیت، نیگەران مەبە ئەگەر ژیانت سەرەو ژێر بوو، چون دەتوانی بزانی ئەوەی کە لەژیانتدا لەگەڵێدا ڕاهاتووی باشترە لەوەی کە لە داهاتوودا دێتە پێشت؟

شەمس لە نزیک ئەو شارەدا-قۆنییە- پشوویەک دەدات، جووتیارێک بەلایدا دێت کە گالیسکەیەکی پێیە، دەگاتە شەمس دوای سڵاو لێ کردنی داوای لێ دەکات بە گالیسکەکەی بیگەیەنێت، ئەگەر ئەسپەکەی ماندوو بووە، شەمس سوپاسی دەکات، جووتیارەکە هەست دەکات شەمس گامێشەکەی کە گالیسکەکە ڕادەکێشێت بە شایستە نازانێ، بۆیە پێی دەڵێت: گامێشەکەم زۆر بەهێزە، هەرچەندە پیر دیارە، بەڵام خۆشەویستترین هاوڕێمە. شەمس هەست دەکات دڵی جووتیارەکەی شکاندووە، یەکسەر هەڵدەستێت بە ڕێزەوە سەری بۆ دەچەمێنێتەوە، داوای لێبوردن لە جووتیارەکەو گامێشەکە دەکات، چونکە ئەو خۆی بە مرۆڤێکی سادە دەزانێت، چون ڕێز بۆ بوونەوەرەکان دانانێت، جا ئەو بوونەوەرە ئاژەڵ بێت، یان مرۆڤ. جووتیارەکە تووشی شۆک دەبێت کە ئەم هەڵوێستە دەبینێت، چونکە لە ژیانیدا کەس داوای لێبوردنی لێ نەکردووە، تەنانەت کاتێک هەڵەیان بەرانبەر کردووە، ئەو داوای لێبوردنی لێ کردوون. شەمس مرۆڤ بە شایەستەی ڕێزێکی زۆر دەزانێت، چونکە خودا لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (ولقد خلقنا الأنسان في أحسن تقويم)، ڕێسای پازدەم دەڵێت: (١٥) خواوەند زۆر سەرقاڵی دروستکردنی مرۆڤ بووە، دروستکردنی ناوەوەو دەرەوەی، تا بە شێوەیەکی تەواو دروستی بکات، هەموو مرۆڤێک کارێکی بەردەوامەو بە شێوەیەکی هێدی دەجووڵێتەوە، هەر یەک لە ئێمەی مرۆڤ بریتییە لە کارێکی هونەری ناتەواو، لە هەوڵ و کۆششداین بۆ کامڵبوون، خواوەند بەتەنیا مامەڵە لەگەڵ هەر یەکەمان دەکات، لەبەر ئەوەی مرۆڤایەتی تابلۆیەکی جوانەو وێنەکێشێکی زۆر بلیمەت نەخشەی کێشاوە، هەموو خاڵێکی ئەو تابلۆیە وەک یەک بۆ تەواو بەخشینی سیمای تابلۆکە گرنگن. لاپەڕە ١٥٠.

جووتیارەکە شەمس دەگەیەنێتە ناو شاری قۆنییە و

باسی ڕۆمی بۆ دەکات کە گوتاری هەیە و ئەگەر زوو نەچێت شوێنی دەست ناکەوێت. شەمس کە لە ناو ئەو شارە دەخولێتەوە، جەنجاڵی و قەرەباڵغییەکی زۆر دەبینێ، بۆی دەردەکەوێت کە ئەم شارە هەموو جۆرە خەڵکێکی تێدایە، لەبەر ئەوەی بە زۆربەی زمانەکان قسە دەکەن، فەرەنسی و سەکسۆنی و یۆنانی و فارسی و تورکی و کوردی و ئەرمەنی و عیبری و چەندان زمانی دیکە، کە شەمس نەیدەناسین، لە ناو ئەو جەنجاڵەی شاردا لە سووچێکدا بە هێمنی دەوەستێت و لە خەڵکەکە ڕادەمێنێت. یەکێک لە ڕێسا زێڕینییەکانی بە بیر دێتەوە کە دەڵێت: (١٦) ئاسانە خواوەندێکت خۆش بوێت کە سیفەتێکی پاک و بێگەردی هەیە، بەڵام زۆر ئەستەمە برای مرۆڤت بەو هەموو خەوشە و ناکۆکییەکانییەوە خۆش بوێت، ئەوەت لە یاد بێت کە مرۆڤ تەنیا ئەو کەسە دەناسێت کە دەتوانێت خۆشەویستی بکات، هیچ حیکمەتێک بەبێ خۆشەویستی و عەشق نییە، تا فێر نەبیت چۆن خەڵقی خوات خۆش بوێت، هەرگیز ناتوانیت خۆشەویستی بکەیت و پەروەردگار بناسیت. لاپەڕە ١٦٠.

کە شەمس لە ناو شاری قوونییە دەسووڕێتەوە، گوێی لێ دەبێت کە هەموو کەس باسی ڕۆمی دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە کە ئەو پیاوە چەند بە نێوبانگە، لە سووڕانەوەیەکیدا دەگاتە شوێنێکی لەشفرۆشتنی ئافرەتان، دەیەوێت بچێتە ژوورەوە، دەرگاوانە نێرە مووکەکە ڕێگری لێ دەکات و پێی دەڵێت: ئەی دەروێش نازانیت ئێرە شوێنی لەشفرۆشتنی ئافرەتانە؟ ئێرە پیسترین شوێنی ئەو شارەیە. لێرەدا شەمس باسی ڕێسایەکی دەکات کە دەڵێت: (١٧) پیسی ڕاستەقینە لەناوەوەی مرۆڤە، پیسی دیکە بە شوشتن پاک و خاوێن دەبێتەوە، بەڵام پیسییەک هەیە کە بە ئاوی پاک خاوێن نابێتەوە، ئەویش پیسی ڕق و کینەو دەمارگیرییە، کە ڕوحی مرف نەگریس دەکەن، دەتوانین جەستەمان بە زوهدو ڕۆژوو پاک بکەینەوە، بەڵام تەنیا عەشق و خۆشەویستی دڵمان خاوێن دەکاتەوە. ل١٦٢.

دەرگاوانەکە ڕێگری لە شەمس دەکات و ناهێڵێت بچێتە ژوورەوە و هەڕەشەی لێ دەکات کە لەو شوێنە دووربکەوێتەوە، ئەویش پێی دەڵێت: ئێستاکە دەڕۆم، بەڵام دەگەڕێمەوە ئێرە، من لەو جۆرە خواپەرستانە نیم کە هەموو ژیانم لەسەر بەرماڵ و نوێژکردن ببەمە سەر و چاوم لە جیهانی دەرەوە بنووقێنم و دڵیشم دابخەم، ئەو جۆرە کەسانەی کە ڕووکەشانە قورئان دەخوێننەوە، من قورئان لە میانەی پشکنینی گوڵ و باڵندە کۆچەرەکان دەخوێنمەوە. ڕێسای عەشق دەڵێت: (١٨) هەموو گەردوون لە ناوەوەی هەموو مرۆڤەکاندایە، هەموو ئەو شتانەی لە دەوروبەرتدان و دەیانبینی، ئەوانەی کە خۆشت ناوێن، تا ئەو کەسانەی کە ڕقت لێیانە، ئەوانە هەموو بە پلەی جیا جیا لە ناوەوەی تۆدا دەژین و هەن، لەبەر ئەوە لە دەرەوەی خۆت بەدوای شەیتاندا مەگەڕێ، شەیتان هێزێکی دەرەکی نییە هێرشت بۆ بهێنێت، بەڵکو دەنگێکی ئاساییە لە ناوەوەی خۆتدا هەڵدەقوڵێت، ئەگەر بە تەواوی خۆتت ناسی، بە ڕاستگۆیی و بە توندی ڕووبەڕووی تاریکی و ڕووناکی ناوەوەی خۆت بوویتەوە، ئەو کاتە لە باڵاترین شێوازەکانی هۆشیاری دەگەیت، کاتێک خۆت دەناسیت، ئەو کاتە خواوەندیش دەناسیت. لاپەڕە ١٦٥.

دواتر لە زاری ئافرەتێکی لەشفرۆشەوە (گوڵی بیابان) و پیاوێکی گەدا (حەسەن دەرۆزەکەر) و پیاوێکی سەرخۆش (سلێمان سەرخۆش) باس لە مەوکبە گەورە و گوتارەکەی ڕۆمی دەکرێت، ئەو سێ کەسەی کە لە پەراوێزی کۆمەڵگاو شارەکەدا دەژین، ڕۆمی دەبینن، بەڵام ڕۆمی لە بورجی بەرز و باڵای زانایاندا ئەوانە نابینێت، دواتر شەمس لەو بورجە دایدەبەزێنێت، تا ئەو جۆرە خەڵکانە ببینێت.

حەسەنی گەدا کە لە مزگەوتدا خەریکی دەست پانکردنەوەو دەرۆزەکردنە، لەهەمان کاتدا گوێ لە گوتاری ڕۆمی دەگرێت، بەڵام گوتارەکەی نیگەرانی دەکات، بەتایبەت لەو کاتەی باس لە ئازار و موعانات دەکات، حەسەنی گەدا پێی وایە ڕۆمی زۆر لەو بارەیەوە نازانێت، لەو کاتەی کە لەبەردەرگای مزگەوت دانیشتووە بۆ یەکەم جار چاوی بە شەمس دەکەوێت، دەزانێت کە دەروێشێکی نامۆیە لەو شارە، سەری سوڕ دەمێنێ کە سڵاوی لێ دەکات، چونکە زۆر لە مێژە کەس سڵاوی لێ نەکردووەو قسەی لەگەڵ کەس نەکردووە، شەمس خۆی پێ دەناسێنێت و پرسیاری ناوی لێ

دەكات، ئەويش بە پێكەنینەوە كە كەسێكی وەک ئەو ناوی بۆ چییە؟ شەمسیش بە نارەزاییەوە پێی دەڵێت، هەموو كەسێک ناوێكی هەیە، خواوەند چەندان ناوی هەیە كە ناژمێررێن، ئێمە تەنیا نەوەد و نۆ (۹۹) ناوی دەزانین، ئەگەر خواوەند ناوی هەبێت، چۆن دەبێت مرۆڤ ناوی نەبێت، كە لە شێوەی خواوەند دروست كراوە، پاشان حەسەنی گەدا دەڵێت: رۆژانێک دایكێک و ژنێكم هەبوو پێیان دەگوتم حەسەن. شەمس ئاوێنەیەكی زیوینی دەداتێ و پێی دەڵێت: ئەم ئاوێنە بپارێزە لای خۆت، پیاوێكی باشی بەغدا پێی داوم، تۆ لەمن زیاتر پێویستت پێیەتی، ئەم ئاوێنەیە بەبیرت دەهێنێتەوە كە تۆ خۆشەویستی خواوەندت لە ناوەوەی خۆت هەڵگرتووە.

لەو كاتەدا كە شەمس و حەسەنی گەدا بەیەكەوە قسە لەگەڵ یەكتر دەكەن، هەراو هۆریایەک لە مزگەوتدا روودەدات، سەرەتا حەسەن وا دەزانێت دیسان دزێكیان گرتووە، دواتر دەردەكەوێت، كە ئافرەتێكیان بە جلوبەرگی پیاوان لە ناو مزگەوتدا دەستگیر كردووە.

گوڵی بیابان بەپۆشاكی پیاوان دەچێتە مزگەوت بۆ ئەوەی گوێی لە گوتاری رۆمی بێت، گوێی لێ دەبێت كە رۆمی لە گوتارەكەیدا دەڵێت: خوداوەند موعاناتی دروست كردووە تا بەختەوەری لە میانەی دژەكەی دەربكەوێت، شتەكان لەمیانەی دژەكان دەردەكەون، لەبەر ئەوەی خوداوەند دژی نییە، بۆیە بەشاراوەیی دەمێنێتەوەو دەرناكەوێت. لاپەرە ۱۷۸. (دیارە حەسەنی گەداش گوێی لەم قسەیەی رۆمی بووە لەبەر ئەوە نیگەرانە لەم جۆرە باسكردنەی ئازار و موعانات لای رۆمی) دواتر ئەو ئافرەتە چاوی ئەو پیاوانەی كە لەشی خۆی پێ فرۆشتوون ئاشكرای دەكەن و هاوار دەكەن كە چۆن دەبێت ئافرەتیكی لەشفرۆش بچێتە مزگەوت؟ لەبەر ئەوە گوڵی بیابان تووشی گرفتێكی گەورە دەبێت، بەڵام شەمس فریای دەكەوێت و دەربازی دەكات، ئەو ئافرەتە دەیەوێت لەو ژیانەی تێیدایە دەربچێت و خەون بەژیانێكی شەرەفمەندانەوە دەبینێت، بەڵام هەست بە نائومێدی دەكات، بە تایبەت ئەو كاتەی لە مزگەوت ئاشكرا دەبێت و ناهێڵن گوتارەكەی رۆمی ببیستێت. لەبەر ئەوە خۆی زۆر بەكەم دەزانێ و هەست دەكات شایستەی ژیانێكی پرشنگدار نییە، لەو كاتەدا شەمس باسی رێسای نۆزدەمی بۆ دەكات: (۱۹) ئەگەر مرۆڤ بیەوێت شێوازی مامەڵەی خۆی لەگەڵ خەڵكدا بگۆرێت، دەبێت یەكەم جار شێوازی مامەڵەی لەگەڵ خۆیدا بگۆرێت، ئەگەر فێر نەبێت كە چۆن خۆی خۆش بوێت، خۆشەویستییەكی تەواو و راستگۆیانە، هیچ رێگایەكی دیكە لە ئارادا نییە كە بتوانێت خۆشەویستی و عەشق بكات، بەڵام كاتێک مرۆڤ بەو قۆناغە دەگات، ئەو كاتە سوپاسی هەموو درکێک دەكات كە خەڵكانی دیكە بۆی دەهاوێژن، ئەمە ئاماژە بۆ ئەوە دەكات كە لە كاتێكی نزیكدا گوڵباران دەكرێت. لاپەرە ۲۰۱.